ساڵی سی و دوو ژمارە: (8977) سێشەممە 8 / 8 / 2023

# کـــورد لـــە ئـــەرمینیا



وەرگرتنی رەخنە لە هەڵە مێژووییەکانی پێشینانمان لەلایەن خۆمانەوە یاخود توێژەران و خۆرهەڵاتناسان و ئەکادیمیانی بە ویژدان و بێلایەنەوە بە گیانێکی وەرزشییانە و بە سنگی فراوانەوە, دەکرێت بۆ ئێستا و داهاتوومان ببێتە پەند و وانە تا چیتر دووبارەیان نەکەینەوە, هەروەها دەکرێت ببێتە دەرفەتێکیش بۆ بەخۆداچوونەوە و دەستنیشانکردنی ئەو هەڵانەی کە بە مەبەست بووبێت یان بێئاگایانە وەک کورد بەسەرماندا تێپەڕیبن, جا هۆکارەکەی ناڕێکخراویمان بووبێت, یان ناهۆشیارییمان لە رووی سیاسیی نیشتمانی و نەتەوەییەوە کە کەمترین دۆستی لەم جوگرافیا ئاڵۆزەدا بۆ هێشتووینەتەوە.

زۆرجـار لەبەر ستەمی جوگرافیا و کاریگەریی ئایین و مەزهەب و ناتەبایی ناوخۆیی و ناڕێکخراویی نەتەوەیی و خۆشباوەڕیی بە داگیرکەران, هەڵەی کوشندەمان بەسەردا رەت بووە و وەک پەڵەیەکی رەش چۆتە ناو لاپەڕەکانی مێژوومانەوە و سڕینەوەشیان لە بیرەوەریی ئەوانی دیکەدا ئاسان نییە, بەڵام زەحمەتیش نییە, ئەگەر بە دووبارە خوێندنەوەی ئەو مێژووە و دیاریکردنی کەموکووڕییەکانی و دەستنیشانکردنی هۆکارەکانی رامانچڵەکێنێت و دووبارەیان نەکەینەوە.

لەبەرئەوەی کورد وەکو جوگرافیا و نەبوونی قەوارەی نیشتمانی و نەتەوەیی هێشتا لەهەمان بازنەدا دەخولێتەوە و نەتەوە سەردەستە داگیرکەرەکانیش چ لە بەرگی ئیمپراتۆرییەت یان شانشین یاخود کۆماریدا بێت, هەمان دیدگایان هەیە بۆ تواندنەوەی, بۆیە هێشتاش درەنگ نییە بۆ بەخۆداچوونەوە و راستکردنەوەی رێڕەو و ئاراستەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ گەلان و پێکهاتە نەتەوەیی و ئیتنیکی و ئاینییەکانی ناوچەکە, ئەویش بە دۆزینەوەی کۆدی یەکڕیزیی و تەبایی ناوخۆیی و دیاریکردنی ئامانجێکی روون و رەوا بۆ پێکەوەژیان لەگەڵ گەلانی ناوچەکە و خۆنەکردن بە سووری بەرلەشکری هیچ گەل و نەتەوە و ئاینزایەکی ناوچەکە لە دژی ئەوانی تر, چونکە مێژووی پەیوەندیی کورد و ئەرمەن ئەوەمان بۆ روونددەکاتەوە کە سەرەڕای هاو چارەنووسیی کورد و ئەرمەن لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆرییەتەکانی عوسمانیی و سەفەوی و روسیای قەیسەریدا, بەڵام کورد لەبەر ناتەبایی و دەسخەڕۆبوون بە گفت و بەڵێنی بێبنەمای ئەو ئیمپراتۆرییەتانە لە هەموو ئەو ململانێ ناوچەیی و ئیقلیمییانە دەستبەتاڵ دەرچووە و نەک نەیتوانیوە قەوارەیەک بۆخۆی دروست بکات لەسایەی بەڵێنی زلهێزەکاندا, بەڵکو لەڕێی گروپێکی وەک سوارەی حەمیدییەوە بە بەدناوی لە مێژووی جینۆسایدی ئەرمەنەکاندا تۆمارکراوە.

لـەم دۆسـیـیـەدا توێژینەوەیەکی تـوێـژەر و ئەکادیمیست مایا لیمورزاێڤنا ئەمیری دەخەینەڕوو کە لەلایەن د. سوارە شاکەگی-ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و کە تێیدا کورد وەک نەتەوە تۆمەتبار ناکات، بەڵکو شرۆڤەی دۆخی ئەو رۆژگارەی پێکهگانەی کـوردەواری و سیاسەتەکانی دەوڵەتی عوسمانی دەکات کە چۆن فارس و تورک لەڕێی سۆزی موسڵمانبوونەوە کوردیان بەرامبەر بە کریستیان و ئایینەکانی تر بە بەڵێنی درۆ فریوداوە و هەندێک لە خان و دەرەبەگەکانی کوردیش چۆن کەوتوونەتە لەبکەیانەوە و لە دوای جەنگی یەکەم و دووەمی جیهان و دابەشکردنی ناوچەکە و دروستکردنی دەوڵەتی نەتەوەیی بۆ زۆرێک لە نەتەوەکان، بەهۆی کاریگەریی بەشداریی بەشێک لە کورد لەو جەنگ و جینۆسایدانەی گەلان و پێکهاتەکانی ناوچەکە لە بەرژەوەندیی زلهێزە ئیقلیمییەکان، کورد بە دەستی بەتاڵ دەرچووە و ئیمپراتۆرییەکان بەوە دەربازیان بـووە کە ئـەو خاکانەی داگیریان کـردووە لێیان سەندراوەتەوە.

دۆسیێ-جەمال دەروێش



مایا ئیمورزاڤنا ئەمیری*

وەرگێڕانی د. سوارە شاکەلی

**ئەم بابەتە[1] باس لە بنەچەی کورد و هەندێک لایەنی ژیانی کورد لەسەر خاکی ئەرمینیا و ئەو فاکتەرانە دەکات کە ڕەوتەکانی پەیوەندیی نێوان گەلی کورد و گەلی ئەرمەن لە ماوەی سەدەکانی 18 و 19 دەخاتەڕوو.**

ڕەچەڵەکی کورد، لەسەر خاکی ئەرمینیای ئەمڕۆ بۆ پێش سەردەمی بنیاتنانی دەسەڵاتی ئەرمەنی دەگەڕێتەوە.

ڕوانگەیەك هەیە، کە عەشیرەتە کۆچەرییەکانی کورد لە هەردوو بەری بەرزاییەکانی ئارارات دەژیان، هەر بەپێی بۆچوونی توێژەری ئەڵمانی (م. واگنەر)، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەیەمدا هۆزەکانی کورد نەك لە بەری ئارارات، بەڵکو لە باشووری ئەرمینیای ڕوسیادا ژیاون، بەڵام لە باشوور و خۆرهەڵاتی لەوەڕگە بەرزەکانی دەریاچەی گۆچکەشدا ژیاون، بەشێك لەو هۆزانەی کورد زۆر بە باشی لەگەڵ هۆزە کۆچەرییە ئێزدییەکاندا تێکەڵ بوون.[2]

وەکو مێژوو، تەنانەت تا ئەم دوایيانەش، کوردی کۆمارەکانی ترانسقەوقاز (خوارووی قەوقاز/ وەرگێڕ)، ژێردەستەی دەوڵەتی عوسمانی و شای ئێران بوون.

لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیدا کورد بە تایبەتی ئەوانەی خەریکی ئاژەڵداری بوون، (زۆربەی کوردە موسڵمانەکان)، لە گەڕان بە دوای لەوەڕگەی نوێدا، سنوورەکانی ئەرمینیای مۆدێرنیان بەزاندووە. زۆرێك لەو کوردانە کەسوکاریان هەبووە، کە لەو ناوچانەدا ژیاون.

لە سەدەی 16 و 17دا. یەریڤانیش وەك هەموو ناوچەکە، گۆڕەپانی شەڕە وێرانکەرەکانی عوسمانی و سەفەوی (جەنگی تورك و فارس)، بە کاردەهێنرا، ئەم ڕەوتە کاریگەریی جددی لەسەر پرۆسەی دیمۆگرافیای ناوچەکە هەبوو.

ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەن بە شێوەیەکی بەرچاو کەمی کرد. هەر لەو ماوەیەدا کورد لە ناوچەکە نیشتەجێ بوو.

لەگەڵ کۆتاییهاتنی جەنگی (1713 - 1804)، گواستنەوەی خاناتی کەرەباخ بۆ سەر ڕوسیا، کورد، وەك یەکێك لە نەتەوەکانی پێکهاتەی گەلانی ڕوسیادا دەرکەوت. وادەر دەکەوت، ژێردەستە نوێیەکانی ڕوسیا، کە لە ناخەوە زۆر سەرسام نەبوون بەو یاسا و ڕێکارە ناناشنایە نوێیانەی کە بۆیان دەردەکرا. هەر لەسەر ئەم بابەتە، لە هەندێك ناوچەدا بەهۆی نەگونجانیانەوە لەگەڵ ئەو بارودۆخە نوێیەدا، کە بۆیان هاتبووە ئاراوە، لە هەندێك ناوچە گواستنیانەوە بۆ یەریڤان.[3]

چەندین شوێنی نیشتەجێبوونی کورد لە ئەنجامی کۆچی گەورەی دانیشتوانی کورد لە چارەکی دووەمی سەدەی نۆزدەهەمدا، دوای ئیمزاکردنی پەیمانی (تورکمانچەی) نێوان ڕوسیا و فارس لە ساڵی 1828[4] و هەروەها لە ساڵی 1829 لە پەیماننامەی (ئەدریانۆپلی) نێوان ڕوسیا و دەوڵەتی عوسمانی، هاتنەئاراوە.[5]

بەم شێوەیە زەوییە نوێکان و هەموو ئەو گەلانەی کە نیشتەجێبوون، کەوتنە ژێر دەستی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریای ڕوسیا. بە پێی ئەم پەیماننامانە، بەشێك لەو خاکەی کە کورد و ئەرمەنی تێیدا نیشتەجێبوون، کەوتنە سەر قەڵەمڕەویی ڕوسیای قەیسەری، لە ئێران ناوچەکانی؛ سەڵماس، خوی، ورمێ و... هتد. هەروەها لە تورکیا؛ وان، ئەرزڕۆم، قارس و... هتد. هەم دانیشتوانی کورد و هەم ئەرمەن ڕوویان لە خوارووی قەوقاس کرد.

بە درێژایی سەدەی 19ـەمدا لە ئیمپڕاتۆریای ڕوسیادا، کورد بەبێ هیچ ڕێگرییەکی ئەوتۆ لەگەڵ مێگەلەکانیاندا لە کۆچ و شوێن گۆڕکێدا بوون.

لە نیوەی دووەمی سەدەی 19ـەمدا، کورد بە شێوەیەکی سەرەکی لەم ناوچانەدا سەرقاڵی کۆچکردن بوون، لە یەکە ئیدارییەکانی؛ یەریڤان، ئیچمادینسك و سورمالێنسك سەربە پارێزگای یەریڤان.[6] لە ساڵی 1828 بەپێی بەندەکانی ڕێکەوتننامەی ئاشتی (تورکمانچە)، خانی یەریڤان و (هەروەها خانی نەخچەڤان) هاتنە سەر قەڵەمڕەویی ئیمپراتۆریای ڕوسیا و لێرەوە پارێزگای ئەرمینیا پێکهێنرا.[7]

لە سەروبەندی جەنگدا، ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەن لە ناوچەکەدا زۆر کەمیکرد. بەشێکی زۆریان هەڵهاتن بۆ تەفلیس، بۆ نموونە؛ لە 1827 ئەرمەن لە کۆی گشتی دانیشتووانی یەریڤان تەنها 20 % ی پێکدەهێنا، کۆی 80 %ی دانیشووانەکەی موسڵمانەکان بوون؛ (کورد، تورك و فارس) بوون. بەڵام لە پاشهاتی ئەمەدا، سەرکردەکانی ئەرمینیا توانییان لە ڕێگەی سەرکردە سەربازییە ڕوسەکان و بە ڕێگەی دیپلۆماسی، وەك مەرجی پێشوەختە ئەوە بەسەر ئێراندا بسەپێنن کە (گواستنەوەی ئەرمەن لە فارسەوە بۆ خۆرهەڵاتی ئەرمینیا)، لەگەڵ ئەوەشدا کۆچکردنی موسڵمانەکان بۆ فارس ئەکتیفتر بوو، لە کۆچکردنی ئەرمەن بۆ ئەرمینیا[8] هەروەها پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە لە سەرەتای سەدەی ڕابردووەوە، زۆرێك لە کوردەکان بۆ ئەم ناوچانە هەڵهاتوون لە تورکیاوە بۆ ئەرمینیا. ئەمەش زیاتر لەو کورد و کوردە ئێزدییانە پێکهابوون کە دانیشتووانی شارەکانی قارس و وان بوون، چونکە ئەم شارانە لە ماوەی (1878 - 1918)، بەشێك بوون لە ئیمپڕاتۆریای ڕوسیا. هەر لەبەر ئەم هۆکارەش بوو کە بەشێکی زۆری تورکەکانی نیشتەجێی ئەم ناوچانە ناچاربوون کۆچ بکەن بۆ ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانەکەیان بە زۆرینە تورك بوون. هەربۆیەشە دیمۆگرافیای دانیشتوانی قارس گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هات، بە شێوەیەك لە کۆتایی سەدەی 19ـەمدا دانیشتوانی قارس لەم نەتەوانە پێکدەهاتن؛ کورد، ئەرمەن، جوو، ئۆسیتی، کەبەردین و کەراپاپاخی و یۆنانی و لە پاش ئەمانەش مۆلۆکانی و دوخۆبۆری.[9]

لە هەموو سنووری قەڵەمڕەویی دەوڵەتی عوسمانییەوە کورد ڕوویان لەو ناوچانە دەکرد بۆ نیشتەجێبوون.

ئیمپراتۆریای ڕوسیایان بەشێوەك لە پارێزگاریکەر لەخۆیان تەماشا دەکرد. بەتایبەت لە لایەن ئێزدییەکانەوە، کە چەندان سەدە بوو دەچەوسێندرانەوە، تەنانەت لەلایەن کوردەکانیشەوە.

هەر ئەمەش پەیدابوونی کوردانی ئێزدی لە کۆمارەکانی خوارووی قەوقاس ڕوون دەکاتەوە. لە دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی قارس لە ساڵی (1921)[10]، ئەم سنوورانە دیسانەوە خرانە سەر قەڵەمڕەویی دەوڵەتی عوسمانی. کورد بوون بە دیلی ئەو بارودۆخەی کە هاتە ئاراوە، وەك هەموو نەتەوە گەورەکانی دیکە کە لە ماوەی 40 ساڵی لەوەوبەردا کۆچیان کردبوو بۆ ئەو ناوچانە و تیایدا نیشتەجێ ببوون.

کشانەوەی ئمپڕاتۆریای ڕوسیا لەم ناوچانە، کارێکی کرد، ئەو نەتەوانەی کە هاتبوونە ژێر دەسەڵاتییەوە، بکەونە بارودۆخێکی ترسناکەوە. ژیانکردن لەم شارانەدا بوو بە خاڵێکی ترسناك بۆ هەموو ئەو نەتەوانەی، کە لە مێژ نەبوو لە ناوچەکانی دیکەی دەوڵەتی عوسمانی دا دەژیان و کۆچیان کردبوو بۆ ئەو ناوچانە، بە ئامانجی پارێزگاری کردن لە بەها کەلتورییەکانیان. هەندێك لە خێزانەکان بۆ ناوچەکانی قەوقاس کۆچیان کرد، ئەمەش تەنها ئەو خێزانانە بوون کە توانای کۆچکردنیان هەبوو.

**کۆچی کورد بۆ ئەرمینیا**

کاتێك کورد کۆچیان کرد بۆ سەر خاکی ئەرمینیای نوێ،



چەند کوردێکی ئەرمینیا ساڵی 1898



کوردانی ئەرمینیا لە سەدەی 19دا



کوردانی ئەرمینیا لە سەدەی 19دا

دەستیانکرد بە درێژەپێدانی ژیانی پێشوویان (بەشێوەیەکی گشتی بە ئاژەڵدارییەوە سەرقاڵ بوون). دراوسێیەتیان لەگەڵ ئەرمەندا، تایبەتمەندییەکەی خۆی لەئارامیدا دەبینییەوە. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتە هەمیشە لە نزیک یەکترەوە ژیاون، تەنانەت لەژێر دەسەلاتی دەوڵەتی عوسمانیدا.

زۆرێك لە کورد تەنانەت ژیانی خۆیان دەخستە مەترسییەوە لەپێناوی ئەوەی ئەرمەنەکانیان لای خۆیان حەشار دەدا. ئەمە لەکاتێکدایە، کە خۆشیان بەر شالاوی ڕاگواستن و جینۆساید بوونەوە.

ئەرمەنەکان لەنێو کوردەکاندا دۆستیان هەبوو، کە لە کاتە سەختەکاندا لە بەرامبەر تورکدا هاوکارییان دەکردن. هەروەها ئەرمەنیش توانیان ببنە نێوەندگیر لە نێوان سەرکردە سەربازییەکانی روسیا و بەگەکانی کورددا.[11] کاتێك شالاوی قڕکردنی ئەرمەن دەستپێکرد لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە، زۆرێکیان توانییان پەناگە بۆ خۆیان لەنێو کورددا بدۆزنەوە، بۆ نموونە لە دێرسیم نزیکەی (20) هەزار ئەرمەن لەناو کوردەکاندا خۆیان حەشاردا.[12] کوردەکان لەکاتێکدا بەدەست هەژارییەوە دەیانناڵاند، لە هەمانکاتدا ئەو پارچە نانەی کە هەیانبوو، لەگەڵ ئەرمەنەکاندا دەیانکرد بە دوو کەرتەوە.

بەگەکانی کورد چەندین جار ئەرمەنەکانیان لەوە ئاگادارکردۆتەوە کە دەوڵەتی تورك ئامادەکاریی دەکات بۆ هێرشکردن لە دژی ئەرمەنەکان.[13]

مێژوونووسی کورد یامولکی[14] ئەوەی پشتڕاست کردۆتەوە کە، «(4|3)ی ئەو ئەرمەنانەی، کە لە ئەنادۆڵ لە شالاوی جینۆساید رزگاریان بوو، لەلایەن کوردەوە پارێزران و حەشاردران».

## ڕاگواستنی کورد

دروستبوونی ئەرمینیای سۆڤیەتی، پاڵی بە زۆرێك لە موسڵمانانی ناوچەکەوە نا لە یەریڤان دەربچن. کاتێك یەریڤان بوو بە پایتەختی کۆماری ئەرمینیای سۆڤیەت، زۆرێك لە کوردە موسڵمانەکان بەر شالاوی ڕاگواستن کەوتنەوە بەرەو کازاخستان، هەربۆیە شالاوی بە مەسیحیکردن بە تەواوەتی باڵی بەسەر یەریڤانی پایتەخت و تەواوی ئەو وڵاتەدا کێشا کە ئەمەش یەکێك بوو لە هەنگاوە ستراتیژییەکانی یەکێتیی سۆڤیەت لە ناوچەکەدا.

ڕاگواستنی کورد لە ئەرمینیا لە ساڵی 1937 زیاتر لە ناوچە سنوورییەکانی نێوان سۆڤیەت و تورکیادا زەقبۆوە. هەروەك زۆرینەی رەهای دانیشتوانی کوردی موسڵمانی ئەو ناوچانە، بە ماوەیەکی زۆر پێش پێکهێنانی حکومەتی ئەرمینیا، کۆچیان کردبوو بۆ ئەم ناوچانە، کە لە سەدەی 20ـەمدا لە ئەرمینیا هەڵهاتن.

تورك و ئەڵمان لە جەنگی دووەمی جیهاندا هاوپەیمان بوون، ئەوەی دەیتوانی کورد لەگەڵ تورکدا یەکبخاتەوە، نزیکیی بیروباوەڕی ئاینیی ئەو دوو گەلە بوو. هەرواش دەیتوانی ببێتە مایەی هەڕەشە لەسەر سنوورەکانی باشووری یەکێتیی سۆڤیەت. ئەمە لە کاتێکدابوو، کورد لە یەکێتیی سۆڤیەتدا هەستیان بە خراپیی بارودۆخیان نەدەکرد، وەك هەموو پێکهاتە و کەمینەکانی دیکەی یەکێتیی سۆڤیەت.

## هەرەسهێنانی سۆڤیەت

پاش ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەت، زۆرێك لە کوردەکان لە ئەرمینیا و جۆرجیاوە بۆ روسیا کۆچیان کرد، بەشێکی دیکەشیان بۆ وڵاتانی دیکە. هەرەسهێنانی سۆڤیەت و پرۆسەی دیموکراسی دەرگای والاکرد بۆ کوردەکانی قەوقاز، تا پەیوەندیی لەگەڵ کوردەکانی تورکیا و ئێران و عیراق و وڵاتانی دیکەی جیهاندا ببەستن. حزبە سیاسییە کوردییەکان (بەگشتی پارتە سیاسییەکانی کورد لە تورکیا و عیراق)، بە شێوەیەکی کارا کەوتنە پەلکێشکردنی کوردەکانی کۆمارەکانی یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو بۆ ناو ڕیزەکانیان و پەلکێشکردنیان بۆ نێو حزبەکانیان و ژیانی سیاسیی نەتەوەیی کورد.

لە دروستکردنی پەیوەندیی بەهێزدا، دیاسپۆرای کورد لە ئەورووپا ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕا.[15] کۆمەڵە کوردییەکان هەوڵیان دەدا ڕۆڵێکی گرنگ بگێڕن لە خزمەتکردن بە چارەسەرکردنی دۆزی کورد لە تورکیا و عیراقدا. بۆ نموونە لە ئەرمینیا و ئازەربایجان و جۆرجیا کۆمەڵە کوردییەکان هەوڵیان دەدا کونسوڵخانەی کوردستان بکەنەوە، کە پێکهاتبوو لە باشووری کوردستان، (کە دەکاتە باکووری عیراق).[16]

بەشێکی زۆریان ڕوویان لە کوردستان کرد تا لە پێناوی بە دەستهێنانی سەربەخۆیی بۆ کوردستاندا خەبات بکەن.

حکومەتەکانی ئەرمینیا و جۆرجیا نەیانتوانی خۆیان لەم بابەتە بەدوور بگرن، لەگەڵ ئەوەشدا هەریەکێك لەم حکومەتانە بەشێوەی تایبەتی خۆی، چارەسەرکردنی پرسی کورد دەبینێت، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پەیوەندیی ئەو وڵاتانەی کوردیان تێیدا نیشتەجێیە (تورکیا، عیراق، سوریا و ئێران)، لەگەڵ حکومەتەکانی جۆرجیا و ئەرمینیا جیاوازە. هەر لەم ڕووانگەیەشەوە چارەسەرکردنی دۆزی کورد بە قازانجی لایەنەکان نییە، هەروەها یەکخستنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردیش کارێکی ئەستەمە، چونکە ئەم پرسە پەیوەستە بە هۆکاری سیاسی و ئابوورییەوە. هەربۆیە ئەو هەوڵە سیاسییانە پڕوپاگەندەن کە باس لە یەکخستنی کورد دەکەن، بە پێچەوانەوە، کار لەسەر دوورخستنەوەی کورد دەکەن لە یەکتری و دوورکەوتنەوە لە ئێزدییەکانیش دەکرێت.

حکومەتی ئەرمینیا خوێندنەوەی بۆ کورد و ئێزیدی ئەوەیە کە دوو نەتەوەی جیاوازن.

## حکومەتی ئەرمینیا و کورد

ئەرمینیا هەندێك کەمووکوڕی هەیە لە پێگەی جیۆپۆلەتیکیدا، بۆ نموونە هیچ دەرچەیەکی بۆ سەر ڕێگەی ئاوی نییە، هاوسنوورە لەگەڵ هەریەك لە وڵاتانی، روسیا، تورکیا، جۆرجیا و ئازەربایجاندا. لە ئەرمینیا کاریگەریی ئابووریی ئێران بە هێزە، لە ئێرانیشدا ژمارەی ئەو ئەرمەنانەی کە نیشتەجێین، کەم نییە. لەگەڵ ئازەربایجاندا بەهۆی کێشەی ئاگۆڕنی کەرەباخەوە تا ئەم دواییانەش لە پەیوەندییەکی جەنگدا بووە، لەگەڵ جۆرجیادا هەرچەندە لە رووکەشدا وا دەردەکەوێت کە لە پەیوەندییەکی باشدا بن، بەوپێیەی تەنها دوو وڵاتی کریستیانی قەوقازن، بەڵام پەیوەندییەکی پڕ زەحمەت و ئاڵۆز لەنێوانیاندایە.

لە ئەرمینیای ئێستادا، کورد تێکەڵاوی کۆمەڵگەی ئەرمەنی بوون. بە رەسمی لەناو پەرلەمانی ئەرمینیادا دان بە کورد و ئێزدیدا نراوە وەك دوو نەتەوەی جیاواز، هەردوو نەتەوەکەش نوێنەریان نێردراوە بۆ پەرلەمان.

## سوارەی حەمیدییە

جیاکردنەوەی کورد لە ناوخۆی خۆیدا لە ئەرمینیا پێدەچێت بگەڕێتەوە بۆ سوارەی حەمیدییە[17]. لە سەردەمی جینۆسایدی گەلی ئەرمەندا، هەرچەندە لە جینۆسایدا هەموو نەتەوە غەیرە موسڵمانەکان بەرکەوتن و تەنانەت کوردە ئێزدییەکانیش 400 هەزار کەسیان بەر کۆمەڵکوژی کەوتن. بەڵام ئەرمەنەکان پێیانوایە کورد قڕیان کردوون و لە هەمان کاتدا پێیانوایە ئەو ئێزدییانەی نیشتەجێی ئەرمینیان پەیوەندییان بە جینۆسایدکردنی ئەرمەنەوە نەبووە، بەڵام ئەگەر ئێمە بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی عوسمانی لەبەرچاوبگرین، ئەم کارە لەخۆوە نەبووە، لە سەرەتای ساڵی 1890، لە دەوڵەتی عوسمانیدا، پاش شالاوەکانی (زەکی پاشا) کە دەکاتە وەچەی چەرکاز پاشا، کە سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم زۆر پێی ئاشنا بووە، ئەم دەرەنجامانەی خواردوە دەرچوون؛ لە خۆرهەلاتی ئەنادۆڵ، کە بە بۆچوونی ئەو، هەموو شتێك پشتگوێ خرابوو. لەلایەکی دیکەوە مۆسکۆییەکان لە زۆر رووەوە «لە پێش ئەوانەوە» بوون، هەربۆیە راگەیەنرا؛ کە سوارەیەکی سوك و ئارێکخراو بە ناوی حەمیدییە لە کوردەکان دروستبکرێت.[18] بڕیار بوو فەوجەکانی حەمیدییە بە پلەی یەکەم لە ناوچەکانی تەنیشت سنووری روسیا لەسەر بنەمای خێڵەکی پێکبهێنرێن.[19] بەو شێوەیە ویستیان کوردیش یەکبخەن لە هێزێکدا بە هەمان شێوەی کازاخەکانی روسیا، کە خزمەت بە سیاسەتی دەرەوە و ناوخۆی ئیمپراتۆریای عوسمانی بکەن.

